# ئاییننامەی ناوخۆیی ڕێکخراوەی زانستی- فەرهەنگیی هۆژان کوردستان

وەرزی۳

هاوینی١٣٩۴

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی

## پێڕست


پاری ١- پێشەکی و پێناسە ........................................................................ ٣

پاری ٢- پێکهاتە ........................................................................................ ٦

٢-١- ئەندام .......................................................................................... ٦

٢-٢- بەرپرس ......................................................................................... ٨

٢-٣- دەستە ......................................................................................... ١٣

٢-٤- کەرت .......................................................................................... ١٨

پاری ٣- سەرچاوەی بڕیار ......................................................................... ٢٠

پاری ٤- سیستم و یاسای ناوخۆیی ................................................................ ٢١

# پاری ١: پێشەکی

هۆژان ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆی زانستی-فەرهەنگییە بۆ گەشەپێدانی زانستی و فەرهەنگی کۆمەڵگا، و لە خوێندکاران، زانگران و چالاکوانانی فەرهەنگی و زانستیی پێک هاتووە.

پێش خوێندنی ئەم ئاییننامە ناوخۆییە پێویستە ئەساسنامەی فەرمی هۆژان بخوێندرێتەوە.

ئەم ئاییننامە، پێناسە، پێکهاتە، سیستم و یاسا ناوخۆییەکانی ڕێکخراوەی زانستی-فەرهەنگیی هۆژان لەخۆ دەگرێ و هەر ئەندامێکی نوێ پێش هاتنە ناو کۆڕی هۆژان، پێویستە بە وردی خوێندبێتیەوە.

”The limits of my language means the limits of my world.“ Ludwig Wittgenstein

سنوورەکانی زمانەکەم بە واتای سنوورەکانی دنیاکەمن" لۆدویگ ویتگنشتاین"

**بۆچی "زانست"؟**

ئەوەی لەنێوان زۆربەی وشەنامە بەناوبانگەکانی دنیادا سەبارەت بە پێناسەی وشەی "زانست" هاوبەشە، باسکردنی زانستە وەک دیاردەیەک کە بەگشتی هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکانی دنیا و سروشت. وشەنامەی "میریەم وێبستر" بەم جۆرە پێناسەی زانست دەکات: 'چالاکییەکی بیرمەندانە و کردەیی کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەمەندی پێکهاتە و هەڵسوکەوتی دنیای فیزیکی و سروشتی، ئەویش لەڕێگەی چاولێکردن و تاقیکردنەوەوە'.

مرۆڤ بە درێژاییی مێژوو، وشیارانە و ناوشیارانە، تێکەڵ بە پرۆسەی ئەو هەوڵە بووە و شوێن زانست بەو واتا گشتییەی کەوتووە، بەڵام تاکوو بەر لە "ئینقلابی زانستی" زانست ئەو پێگەیەی کە دەبوو بیبوویایە نەیبوو. شۆڕشی زانستی، دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەردەمی دۆزینەوە زانستییەکانی ئوروپاییەکان لەدوای سەدەکانی ناویندا و لە سەرەتای ڕێنێسانسەوە، خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو کە ڕوانگەی بیرمەندەکان و هۆزانەکانی سەبارەت بە زانست گۆڕی. ئیتر زانست بوو بە چەمکێکی سەربەخۆ کە خۆی دیاریی دەکرد بە کام ئاقاردا دەڕوات و دۆزینەوە زانستییەکان بوون کە دنیایان زۆرتر دەناساند و لەڕێگەی دۆزینەوەی وڵامی پرسیارەکان شێوەی ژیانی خەڵکیان دەگۆڕی. ئەگەر شۆڕشی زانستی ڕووی نەدابا، ڕەنگە پێناسەی زانست بەجۆرێکی دیکە لەناو وشەنامەکاندا بهاتبا. لە سەردەمی نوێدا، زانست ڕۆڵێکی ئێجگار گرینگی هەیە لە بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگەدا لە بوارگەلی جیاوازەوە. ئەوەی کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەیەکی تر جیا دەکاتەوە و بە پێشکەوتووتری دەناسێنێت، ئاستی زانستیی کۆمەڵگەیە. هەنگاونان بەرەو گەشەی زانستیی کۆمەڵگە شتێک نییە کە لەناکاو و بەبێ پلاندانانێکی بەئامانج بگاتە ئاکامێکی ئەرێنی و دیار. تەنانەت هەوڵی گەشەی زانست ئەگەر بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگە نەبێت، لە ئاکامدا گەشەیەکی بەرچاو نایێتە دی. یەکێک لەو کارە گرینگانە کە لە زۆربەی وڵاتان دەکرێت، ڕاکێشانی سەرنجی چینە جیاکانی کۆمەڵگەیە بەرەو زانست بەجۆرێک کە جیایە لە پەروەردە و خوێندنێکی وشکی زانستی کە لە خوێندنگەکاندا دەکرێت. نموونەی شازی ئەم کارە گۆڤارگەلی پێشکەوتووی زانستین کە هەڵبەتە ڕاکێشەربوون تایبەتمەندییەکیانە و ئەو مەبەستە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە باری زانستیی بڵاوکراوەکانیان دابەزێت!

## زمان و زانست لەڕێگەی زمانەوە

ئەگەرچی زۆربەی خەڵک وەک ئامرازێکی پێوەندیگرتن چاو لە زمان دەکەن و تێڕوانینیان بۆ زمان لەو ئاستە سەرەتاییە تێپەڕ نابێت، زماناسان و شارەزایانی بوارە پێوەندیدارەکانی تر، زمان وەک چەمکی جیاکەرەوە و شوناسی نەتەوەگەلی جیاواز پێناسە دەکەن. ڕەنگە چی تر کەس دڕدۆنگ نەبێت لەوەی کە ئەو توانایییە سەرسووڕهێنەرەی مرۆڤ، واتە توانایی ئاخافتن، بەهرەیەکی سروشتییە کە لەگەڵ هەر مرۆڤێک دێتە دنیاوە و دەبێتە یەکێک لە سەرەکیترین ئامرازەکان بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگە و پێکەوەبەسترانەوەی خەڵکی ئاخێڤەری. بەڵام زمانی هیچ نەتەوەیەک قەت وەک خۆی نەماوەتەوە و بەردەوام لە گۆڕاندا بووە. هەر زمانێک بە درێژایی مێژووی خۆی، تووشی گۆڕانکاریی جۆراوجۆر لە بواری دەنگ، وشە، و ڕستەدا دەبێت و هیچ دوو زمانێک ناکرێت بدۆزرێتەوە کە بەسەرهاتێکی دەقاودەق یەکسانیان ببێت؛ بەڵام دیاردەیەک کە خۆی بەردەوام لە گۆڕاندا بێت چۆن دەتوانێت ببێتە سەرەکیترین جیاکەرەوەی نەتەوەکان و شوناسی ئەوان؟ وڵامەکەی سادەیە: ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر زماندا دێن جیا نین لە بەسەرهاتی ئاخێڤەرانی ئەو زمانە و ئاکامی ڕاستەوخۆی بارودۆخی ژیانی ئاخێڤەرەکانی ئەو زمانەن لە باری جوگرافیایی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، و هتد. هەر بۆیە زمانەکان نوانەیەکی زیندوون لە بەسەرهاتی ئاخێڤەرەکانیان لە مێژوودا و بگرە هەر وشەیەک لە سەرەتاوە تا جێگربوونی لەناو قامووسی زمانێکدا، مێژوویەکی لە پشتە کە لە ڕوانگەگەلی جیاوازەوە دەکرێت چاوی لێبکرێت. هەر گۆشە و قوژبنێک لە زمان هەڵگری هەنبانەیەکە پڕ لە هاوئاهەنگی و پێوەندیی نێوان فەرهەنگ و مێژووی ئاخێڤەرانی ئەو زمانە. ئەوە هەمان ئەو تایبەتمەندییەیە کە زمان وەک دەفری هەموو خاڵە فەرهەنگییەکان و واتا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی قسەپێکەری ئەو زمانە دەناسێنێت و دەیسەلمێنێت کە زمانی زگماکیی مرۆڤ ئاوێتەی ڕۆح و پێکهێنەری کەسایەتیی تاکەکانییەتی. هەروەها، ئەوە زمانە کە تاکەکانی کۆمەڵگە پێکەوە دەبەستێتەوە و هەروەها پردی پێوەندیی نێوان نەوە جیاوازەکانی نەتەوەیەکە. لە سەردەمی نوێدا، بەهۆی هەبوونی کەرەستەی پێویست بۆ تۆمارکردنی وشەگەلی زمانەکان و هەروەها بەهۆی پەرەسەندنی زمانناسی وەک بوارێکی پسپۆڕانەی خوێندن، هەروەها بەهۆی ئاسان بوونەوەی پێوەندیگرتنی نێوان مرۆڤەکان، ئەو گۆڕانکارییانەی باسیان لێکرا بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بوونەوە و زۆربەی زمانەکان بە خێراییەکی کەمتر لەگۆڕاندان. بەڵام هەمان ئەو پێشکەوتنە زانستییەی کە بەری بە گۆڕانی زمان بە خێرایی سەردەمانی پێشوو گرتووە، خۆی بووەتە هۆی سازبوونی هەزاران وشەی زانستی و تێکنیکی کە بە زمانەکان زیاد دەبن. لە هەلومەرجێکی وەهادا کە وشەگەل و دەستەواژەگەلی زانستیی نوێ لە زاوزێدان، زمانێک کە نەتوانێت بۆ ئەو هەموو دیاردە نوێیە شوێنێک لە چوارچێوەی خۆیدا بدۆزێتەوە، دەچێتە ژێر سێبەری قورسی زمانگەلێک کە خاوەنی زانستی تۆمارکراون. هەروەها، زمانێک کە لێوانلێو ببێت لە وشەی بیانی کە هیچ پێوەندییەکی بەرچاویان لەگەڵ دەنگناسیی ئەو زمانە نییە و هەروەها هەڵگری هیچ یەکەیەکی واتاییی هاوشێوە لەگەڵ قامووسی ئەو زمانە نین، ڕواڵەتی بنەڕەتیی خۆی نامێنێت و دوور دەبێتەوە لەو زمانەی کە لە ڕۆح و فەرهەنگی کۆمەڵگەی ئاخێڤەریدا بوونی هەیە. لە لایەکی ترەوە، زانست سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕاستییەکان و تێگەیشتن لە واتای چەمکەکانە و بەو پێیەش زمانێک کە بۆ گواستنەوە و گوزارشتی زانست بەکار دەهێنرێت دەبێت زۆر بێگەرد و پاراو بێت، نەک بەجۆرێک بێت کە بەردەنگی ئەو دەقە زانستییە تووشی چەڵەمە بکاتەوە لە تێگەیشتنیدا. کەواتە، زانست بە زمانی زگماکی و هەروەها، لە ئاستێکی بەرەوسەرتردا، بە زمانێک کە وشەی تێکنیکیی بیانی ڕێگەی تێگەیشتنی خوێنەر ئەستەم نەکاتەوە، زۆر پێویست دەنوێنێت. کەواتە، هەر زمانێک دەبێت لەسەر دەستی زانایانی بوارە جیاجیاکانی زانست بە هاوکاریی زمانناسان بەشێوازێکی بیرمەندانە و زانستی گەشە و گۆڕانێکی ئامانجدار بۆ خۆی بەرهەم بهێنێت تاکوو لە ڕێگەگەلی جیاوازەوە وەک وشەسازی و داتاشینی وشەی نوێ خۆی بەهێز و ئامادە بکات بۆ باسکردنی چەمکە زانستییە نوێیەکان. ڕاستییەکی تاڵ سەبارەت بە زمانی کوردی ئەوەیە کە هەنگاوی جیددی لە ڕێگەی ئەو خۆئامادەکردنەدا نەنراوە تاکوو بتوانرێت لە سەردەمی نوێدا مانەوەی زمانی کوردی وەک زمانێکی بەتوانا و سەربەخۆ دڵنیا بکاتەوە. ئەگەرچی وەشاندن بە زمانی کوردی بەشێوازێکی زۆر بەربڵاو لەگەڕدایە، بەڵام کۆمەڵێک چەمکی هەستیار هەن کە بەداخەوە لەبەرچاو نەگیراون و ڕەنگە هەڕەشەی گەورە بن بۆ داهاتووی زمانی کوردی: نەبوونی بەرهەمهێنانی زانستی بە زمانی کوردی؛ کەمیی وەرگێڕانی دەقی زانستی لە زمانەکانی ترەوە بۆسەر زمانی کوردی؛ کەموکووڕیی بەرچاو لە بواری وشەسازی و یەکسانسازی؛ کەموکووڕی لە بواری هەڵپەرداوتنی زمانی سروشتی (NLP) و کێشەی جیاوازییە ڕێنووسییەکان بەتایبەت لە دنیای کامپیوتێر و ئینتێرنێتدا؛ نەبوونی دەقی زانستی (و نازانستی) لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت؛ نامۆبوونی زۆربەی کوردان لە زمانی کوردی و زانست بەو زمانە؛ کۆمەڵێک چەمکی ورد و درشتی دیکەش. هەروەها تاکوو ئێستا، بەداخەوە، ئاوڕێکی هەمەلایەنە و پێکهاتەمەند لە زانستە بنەماییەکان

نەدراوەتەوە و ئەگەریش کاریان لەسەر کراوە یان ئاوێتەی کەموکووڕیی جۆراوجۆری زانستی بوون، یاخود ئەوەندە پەرتەوازە بوون کە دووبارەکاری ئاکامیان بووە و چونکە کۆ نەکراونەتەوە، زۆر بەنامۆیی سەریان تیاچووە.

لەم بارودۆخەدا، ئێمە وەک بڕێک خوێندکار و چالاکوانی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتی هەست ئەکەین توێژی خوێندکار و ڕۆشنبیر ئەبێ لەکۆمەڵگەدا ڕۆڵی دەستپێشخەری بگێڕێت؛ ئەبێ بە پێی توانا تێبکۆشێن بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، و ئاسۆی زۆر دووری ئێمە گەشەپێدانی ئابووری-پیشەیی-سەلامەتی-فەرهەنگیی کۆمەلگایە. بۆیە پێویستمان بەکۆکردنەوەی خوێندکارانی لێهاتوو و سەرمایەیەکی باش بۆ دابین‌کردنی پیلانێکی درێژخایەن لەم ڕێکخراوەدا هەیە تا کە لەڕێگەی داڕشتنی بەرنامەیەکی دیاریکراو و بە بەهێزکردنی ورە و هاودڵی و هاریکاریی نێوانیان بتوانین لە داهاتوودا کاریگەرییەکی ڕاستەقینە و کردەییمان لەسەر بواری ئابووری-پیشەیی-سەلامەتی-فەرهەنگیی کۆمەڵگا ببێ.

ئەم ڕێکخراوە، بێلایەن‌بوونی خۆی ڕادەگەیەنێت و کاری زانستیی خۆی بێ تێکەڵبوون لە هەل‌ومەرج و دۆخە سیاسییەکان ئەگرێتە بەر.

# پاری ٢: پێکهاتە

## بەشی ١: ئەندامیەتی

❖ **بە پێی ئەساسنامەی ڕێکخراوە، لە ناو هۆژاندا چەند شێوازی ئەندامیەتی دیاری کراوە:**

### ١) چالاك:

***(کاتی خەملێنراو بۆ ئەم شێوازە ئەندامیەتییە: ٩٠ خولەک کار لە هەفتە)***

✓ **مەرج:**

١. سەرکەوتن لە بەڕێوەبردنی ئەرکە دەستنیشانکراوەکان لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە

٢. لانیکەم ٣ مانگ ئەندامی هۆژان بووبێ. مەگەر ئەوەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕاستەوخۆ ئەندامێک بکا بە چالاک.

- **ئەرک:**

٣. بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی دەستەی پەیوەندیدار

٤. بەشداریکردن و چالاکی لە کۆڕی سەرەکیی گۆڤار

٥. بەشداریکردن لە کۆبوونەوە گشتییەکان و بەجێهێنانی بڕیارە سەرەکییەکانی گۆڤار

٦. بەڕێوەبردنی بڕیارگەلی بەڕێوەبەران و سەرپەلانی بەشی پێوەندیدار

٧. بەشداری چالاک لە پێڤاژۆ سەرەکییەکانی هۆژان

٨. دانی مافی بەئەندامبوون دوای دیاریکردنی لە لایەن خودی ئەندامەوە (لانیکەم ٥هەزارتمەن لە مانگ)

### ٢) ئاسایی:

***(کاتی خەملێنراو بۆ ئەم شێوازە ئەندامیەتییە: ٤٥ خولەک کار لە هەفتە)***

✓ **مەرج:**

٩. هەبوونی کەڵکەڵەی گەشەپێدانی زانستی/فەرهەنگی

١٠. سەرکەوتن لە بەڕێوەبردنی ئەرکە دابینکراوەکان لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتی

١١. تێڕابینینی ناسێنەر
١٢. پەسندبوونی لە لایەن زۆرینەی بەڕێوەبەران

- **ئەرک:**

١٣. بەشداری‌کردن لە کۆڕی سەرەکیی گۆڤار
١٤. بەڕێوەبردنی بڕیارگەلی بەڕێوەبەران و سەرپەلان
١٥. بەشداری چالاک لە پێڤاژۆ سەرەکییەکانی هۆژان
١٦. دانی مافی بەئەندامبوون دوای دیاری‌کردنی لە لایەن خودی ئەندامەوە (لانیکەم ٥هەزارتمەن لە مانگ)

## ***٣) پاڵپشت:***

### ***٣-١) پاڵپشتی زانستی:***

✓ **مەرج:**

١٧. پەڕتووکنووس، فەرهەنگنووس، زمانەوان، مامۆستای زانکۆ و هتد.
١٨. پەسەندکراو لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە

- **ئەرک:**

١٩. دانی یارمەتی؛ وەک یارمەتی لە پێداچوونەوەی زانستی یان زمانی، پێداچوونەوەی وشەگەلی زانستی یان هاوکاریی کاتی لە بوارێکی پەیوەندیداردا
٢٠. بەشداری‌کردن لە کۆبوونەوە گشتییەکان بە پێی توانا

### ***٣-٢) پاڵپشتی ئابووری:***

✓ **مەرج:**

٢١. خۆشناو بێت لە ناو کۆمەڵگەدا
٢٢. سەر بە ڕێکخراوەی سیاسی نەبێ
٢٣. پەسەندکراو لە لایەن دەستەی ڕاوێژکاری ئابووری

- **ئەرک:**

٢٤. دانی یارمەتی بە شێوەی کاتی یان هەمیشەیی بە هەر شێوازێك کە بۆیان ئەگونجێ
٢٥. پەیوەندی لەگەڵ دەستەی ڕاوێژکاری ئابووری و بە پێی پێویست لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی

## ***٤) ئیفتخاری:***

✓ **مەرج:**

٢٦. کەسایەتی لێهاتوو، شارەزا، بەناوبانگ لە ناو کۆمەڵگا لە بواری زانست یان فەرهەنگ

## بەشی ٢: بەرپرسایەتییەکان:

### ١) سەرپەلی دەستەگەلی زانستی و گشتی:

**(کاتی خەملێنراو بۆ ئەم شێوازە ئەندامیەتییە: ١٢٠ خولەک کار لە هەفتە)**

✓ **مەرج:**

٢٧. ئەندامی چالاک بێت
٢٨. هەڵبژێردراوی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی
٢٩. سەرکەوتن لە تاقیکارییە پێویستە دیاری کراوە پێوەندیدارەکان
٣٠. سەرکەوتن لە تاقیکاریی تایبەتی دەستەی رۆژنامەگەریی زانستی (بۆ سەرپەلی دەستەگەلی زانستیی گۆڤار)

• **ئەرک:**

٣١. کارگێڕی و بەرپرس‌بوون لەهەمبەر کار و باری دەستە
٣٢. بەشداری‌کردن لە کۆبوونەوەی بەڕێوبەر-بەرپرس و پێوەندی و ڕاگەیاندنی گوزارشی نووسراو
٣٣. ڕاگەیاندن و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە ناوخۆیییەکانی لکی زانستی
٣٤. پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و هەمیشەیی لەگەڵ ئەندامانی لکی پەیوەندیدار
٣٥. سپاردنی کار بە ئەندامی ئاسایی بۆ هەڵسەنگاندنی باری زانستی و زمانی و چالاکیەتی، هەروەها بۆ هاندانی بەرەوپێشی ئەندام
٣٦. بەجێ‌هێنانی ئەو ئەرکانەی کە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بە سەرپەلی ئەگەیەنێ
٣٧. بەڕێوەبردنی بڕیارگەلی بەڕێوەبەران
٣٨. بەڕێوەبردنی بڕیارگەل و بەرنامەکانی خودی سەرپەل بۆ دەستەکە (دوای پەسندکردن لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتی)

### ٢) بەڕێوەبەر:

**(کاتی خەملێنراو بۆ ئەم شێوازە ئەندامیەتییە: ١٥٠ خولەک کار لە هەفتە)**

✓ **مەرج:**

٣٩. لانیکەم ٦ مانگ ئەندام بێت
٤٠. ئەندامی چالاک بێ
٤١. سەرکەوتن لە تاقیکارییە پێویستە دیاری کراوە پێوەندیدارەکان
٤٢. لە گوزارشەکانی چاودێران، سەرکەوتوو بووبێ
٤٣. هەڵبژێردراوی کۆبوونەوەی گشتی بێ

• **ئەرک:**

٤٤. چاودێری‌کردنی/ بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی ڕێکخراوە
٤٥. بەشداری‌کردن و چالاکی لە کۆڕی سەرەکیی گۆڤار

٤٦. بەشداری‌کردن لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا
٤٧. کۆبوونەوە لەگەڵ کۆڕ و ڕێکخراوەگەلی کوردی زانکۆیی، کۆڕگەلی زانستیی کوردی زانکۆیی، لیژنەگەلی بەڕێوبەرایەتیی گۆڤارەکان، نووسەران، و فەرهەنگنووسان و یارمەتی وەرگرتن و سەندنی بەڵێنی هاوکاری بەهەر شێوازێک بێت
٤٨. دەستنیشان‌کردنی سەرپەل
٤٩. بەشداری‌کردن لە کۆبوونەوەی بەڕێوبەر-بەرپرس و پێشکەشکردنی گوزارشی کار لە لایەن دانەبەدانەی بەڕێوەبەرەکانەوە

❖ هیچکەس بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی مافی نوێنەربوونی لە لایەن ڕێکخراوەی زانستی-فەرهەنگیی هۆژان کوردستانی نییە.

### ٣) چاوەدێری بەڕێوەبەر:

✓ **مەرج:**

٥٠. هەڵبژێردراوی دەستەی بەرپرسان
٥١. ئەندامی چالاک بێ
٥٢. سەرکەوتن لە تاقیکارییە پێویستە دیاری کراوە پێوەندیدارەکان

- **ئەرک:**

٥٣. پێوەندی بەردەوام لەگەڵ بەڕێوەبەران و نووسینی گوزارش لەسەر چالاکییەکان، بەڵێنەکان و بیرۆکەکان
٥٤. تەحویلی مونەززەمی گوزارشەکان بە چاودێری گشتی

### ٤) چاوەدێری بەرپرسەکان: (چاودێری سەرپەلەکان + چاودێری بەرپرسایەتییەکان)

✓ **مەرج:**

٥٥. هەڵبژێردراوی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی

- **ئەرک:**

٥٦. پێوەندی بەردەوام لەگەڵ بەرپرسان و نووسینی گوزارش لەسەر چالاکییەکان، بەڵێنەکان و بیرۆکەکان
٥٧. تەحویلی مونەززەمی گوزارشەکان بە چاودێری گشتی

### ٥) چاوەدێری گشتی:

✓ **مەرج:**

٥٨. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەران بێ
٥٩. هەڵبژێردراوی دەستەی بەڕێوبەرایەتی بێ

- **ئەرک:**

٦٠. چاودێریی گشتی لەسەر ئەنجامبوونی بڕیارگەلی بەڕێوبەرەکان

### ٦) پێوەندی گشتی:

✓ **مەرج:**

٦١. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەران بێ

٦٢. هەڵبژێردراوی دەستەی بەڕێوبەرایەتی بێ

• **ئەرک:**

٦٣. وتەبێژی فەرمیی کۆڕ دەبێت

٦٤. بۆ کار و باری گۆڤار، ژمارەی پەیوەندیی ئەو دەدرێتە دەر، تاکوو خوازیارانی پێوەندی لەگەڵ گۆڤار بتوانن بە شێوازی تەلەفوونی لەگەڵی لە پێوەندیدا بن

### ٧) ئابووریی ناوخۆ:

✓ **مەرج:**

٦٥. چالاکی و خۆشناوی و نەزم

٦٦. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بێ

٦٧. هەڵبژێردراوی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی

• **ئەرک:**

٦٨. لێکدانەوەی حساب و کتابی ئابووریی ناوخۆی کۆڕ وەک مافی بەئەندامبوون، تێچووەکان و هتد

٦٩. بیرهێنانەوەی مافی بەئەندامبوون بە ناردنی ئیمەل، کورتەپەیام یان پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بۆ کەسانێک کە لەبیریان چووەتەوە: ٣ قۆناغ (ئیمەیل-کورتەپەیام-پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە لایەن بەڕێوەبەرانەوە)

٧٠. گوزارش‌دان لە کۆبوونەوەی بەڕێوبەر-بەرپرس

٧١. گوزارش‌دان مانگانە لە کۆڕی سەرەکیی گۆڤار

### ٨) پەڕتووکخانەی هۆژان

✓ **مەرج:**

٧٢. پەسندکراو لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە

• **ئەرک:**

٧٣. کۆکردنەوەی پەڕتووک و وشەنامە و گۆڤاری باش بۆ بەهێزکردنی پەڕتووکخانەی هۆژان

٧٤. وەرگرتنی ئابوونەی گۆڤارگەلی زانستی

٧٥. گوزارش‌دان لە لایەن سەرپەلی دەستەی پەڕتووکخانەی هۆژانەوە لە کۆبوونەوەی سەرهێڵی بەڕێوبەر-بەرپرس

### ٩) ماڵپەڕ

✓ **مەرج:**

٧٦. هەڵبژێردراوی بەرپرسان

- **ئەرک:**

٧٧. ڕاگێشتن و بەڕێوەبردنی ماڵپەڕەکۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخراوە

### ١٠) کۆبوونەوەی سەرهێڵ

✓ **مەرج:**

٧٨. هەڵبژێردراوی بەرپرسان

- **ئەرک:**

٧٩. سەردێڕی باسەکان بە هاوکاری بەرپرسان دیاری دەکا.

٨٠. کاتەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەندامانی بەشداربوو دیاری دەکا.

٨١. کاتی کۆبوونەوە و سەردێڕی باسەکان بە ئەندامانی بەشدار بوو ڕادەگەیێنێ.

٨٢. گوزارشی بەرپرسان بە یارمەتی چاودێری بەرپرسان پێش کۆبوونەوە وەردەگرێ.

٨٣. کۆبوونەوەکە بەڕێوە دەبا. (گوزارش، باس، دەنگدان، بریار)

٨٤. گوزارشی کۆبوونەوە دەنووسێ و لە ناو گرووپی هۆژان بڵاوی دەکاتەوە.

### ١١) ئەندامی نوێ

✓ **مەرج:**

٨٥. هەڵبژێردراوی بەرپرسان

٨٦. پەسندکراو لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە

- **ئەرک:**

٨٧. ناسێنەری ئەندامێکی نوێ دەبێ خۆی ئەندامی هۆژان بێت.

٨٨. بەرپرسی ئەندامانی نوێ پێوەندی لەگەڵ ئەندامی نوێ دەگرێ و کاروباری هۆژانی بۆ شی دەکاتەوە و دواتر پەڕگەی سەرەکی هۆژان (سەرپەڕگەی هۆژان) و فۆرمی داخوازی هۆژانی بۆ دەنێرێت.

٨٩. پاش پرکردنی فۆرمی داخوازی هۆژان، بەرپرسی ئەندامی نوێ لەگەڵ سەرپەلی دەستەگەلێکدا کە ئەندامی نوێ دەتوانێ یارمەتیدەری هۆژان بێ، قسە دەکات و ئەو ئەندامەیان پێ دەناسێنێت. (دەسەگەلی زانستی،گرافیک و ...)

٩٠. بەرپرسی ئەندامانی نوێ، ئەو ئەندامە نوێیە بە بەرپرسی تاقیکاری، بەرپرسی ئابووری ناوخۆ، بەرپرسی کورتەپەیام ئەناسێنێ (بەرپرسی ئەندامانی نوێ دەبێ پەیگیری ئەوە بێت کە بەرپرسی ئابووری ناوخۆ و بەرپرسی تاقیکاری پێوەندی لەگەڵ ئەو کەسە بگرن.)

٩١. بەرپرسی ئەندامانی نوێ، ئەو ئەندامە نوێیە بە هۆژان زیا دەکا.

٩٢. تەواوی فۆرمی داخوازییەکانی ئەندامانی هۆژان لای بەرپرسی ئەندامانی نوێ دەبێ و فایلە نوێیەکان بە مەبەستی بایگانی بۆ سکرتێر دەنێردرێ. سەرچاوەی پەڕگەی ئەندامانی نوێ، بەرپرسی ئەندامی نوێیە و بەرپرسانی داواکار، دەبێ ئەم زانیارییە تەنیا لە ڕێگەی بەرپرسی ئەندامی نوێ وەرگرن.

٩٣. تەنیا بەڕێوەبەران و بەرپرسانی پێوەندیدار (کورتەپەیام، تاقیکار، ئیمەیل (تەنیا زانیاری پێوەندیدار)) دەتوانن داواکاری زانیارییەکانی ئەندامانی نوێ بن و زانیارییەکانی ئەندامانی نوێ لای هۆژان شاردراوەیە.

٩٤. تا ماوەی ١ مانگ بەرپرسی ئەندامانی نوێ دەبێ چاودێریی کاری سەرپەلەکان و بەرپرسانی تاقیکاری و ئابووری ناوخۆ بکا کە کاروباریان سەبارەت بە ئەندامانی نوێ بە جوانی بەڕێوە بردرێ.

### ١٢)فێرکاری و تاقیکاری

✓ **مەرج:**

٩٥. هەڵبژێردراوی بەرپرسان

• **ئەرک:**

٩٦. سەرچاوەکانی تاقیکاری بە یارمەتی پسپۆڕانی ئەم بوارە دیاری دەکەن.

٩٧. کات و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی تاقیکارییەکان بڕیار ئەدەن.

٩٨. تاقیکارییەکان بەڕێوە دەبەن.

٩٩. گوزارشی تاقیکارییەکان لە کۆڕی سەرەکی هۆژان بڵاودەکەنەوە (بە ژمارەی ئەندامەتی).

١٠٠. نوسخەیەک لە گوزارشەکە بە مەبەستی ئارشیڤ کردن بۆ سکرتێر دەنێردرێ.

### ١٣)کورتەپەیام

✓ **مەرج:**

١٠١. هەڵبژێردراوی بەرپرسان

• **ئەرک:**

١٠٢. ناردنی کوتەپەیام بە داواکاری بەرپرسان

١٠٣. ئارشیڤ کردنی کورتەپەیامگەلێ کە بۆ هۆژان دەنێردرێن و ناردنی بۆ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی

### ١٤)وشەنامە

✓ **مەرج:**

١٠٤. هەڵبژێردراوی بەرپرسان

١٠٥. سەرکەوتن لە تاقیکارییە پێویستە دیاری کراوە پێوەندیدارەکان

١٠٦. توانایی و لێهاتوویی لە زمانی کوردی

- **ئەرک:**

١٠٧. چاودێری کردنی پەڕگەگەلی وشەکانی بابەتە نووسراوەکانی گۆڤار و ڕێک و پێک کردنیان بە مەبەستی چاپی وشەنامەی هۆژان
١٠٨. بەڕێوەبەری کردنی گشتیی ماڵپەڕ یان ڕووپەلی تایبەت بە وشەزانستییەکان

### ١٥) ڕێبەرونامە

✓ **مەرج:**

١٠٩. هەڵبژێردراوی بەرپرسان
١١٠. شارەزایی لە نووسین وتارگەلی زانستی و چوارچێوەیان
١١١. شارەزایی لە نەرمەواڵەی ئافیس
**١١٢. ئەرک:**
١١٣. هەڵەبژێری وتارەکان بە پێی ڕێبەرونامە
١١٤. کارکردن لەسەر چاککردنی ڕێبەرونامە

### ١٦) سکرتێر:

✓ **مەرج:**

١١٥. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەران بێ
١١٦. هەڵبژێردراوی دەستەی بەڕێوبەرایەتی بێ

- **ئەرک:**

١١٧. بەرپرسی ئارشیڤ کردن و کۆکردنەوەی پەڕگەکانی هۆژانە و سەرچاوەی پەڕگە نوێیەکان ئەو دەبێ.

### ١٧) سەرۆک:

✓ **مەرج:**

١١٨. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەران بێ
١١٩. هەڵبژێردراوی دەستەی بەڕێوبەرایەتی بێ

- **ئەرک:**

١٢٠. بەرپرسی هاوئاهەنگکردنی و بەرەوپێشبردنی گشتی کارەکانی هۆژان لە ئەستۆی سەرۆکی ڕێکخراوەیە

## بەشی ٣: دەستەکان:

- ❖ مەرج و ئەرکە نووسراوەکانی ئێرە، بۆ ئەندامانی بەشداربوو لەم دەستەگەلەیە.
- ❖ ئەم دەستەگەلە، سەربەخۆیی خۆیان هەیە، بەڵام دەبێ پەیڕەوی سیاسەتە سەرەکی-گشتییەکانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بن و بڕیارگەلێکی ناوخۆییش کە دەیدەن لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتی پەسند کرێ.
- ❖ بە پێی پێشنیاری ئەندامان و بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەرایەتی، دەکرێ دەستەگەل و بەرپرسایەتیی نوێ لە ناو سیستمی هۆژاندا پێناسە بکردرێ.

### ١) دەستە زانستییەکان:

✓ **مەرج:**

١٢١. لێهاتوویی لەو دەستە زانستییەدا

• **ئەرک:**

١٢٢. چالاکی لە کاروباری دەستەکە

### ٢) دەستەی ڕاوێژکاری ئابووریی:

✓ **مەرج:**

١٢٣. خۆشناوبوون لە ناو کۆمەڵگەدا

١٢٤. سەر بە ڕێکخراوەی سیاسی نەبوون

١٢٥. پەسەندکراو لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە

• **ئەرک:**

١٢٦. ڕاگەیشتن بە کار و باری ئابووریی دەرەکیی گۆڤار

١٢٧. کۆبوونەوە لەگەڵ کەسانی خۆشناو و توانا لە بواری ئابووری و ڕاکێشانی یارمەتیی ئابووری

١٢٨. گوزارش‌دان بە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی

١٢٩. بەشداری‌کردن لە کۆبوونەوە گشتییەکان و بڕیارە سەرەکییەکان

### ٣) دەستەی هونەری

✓ **مەرج:**

١٣٠. توانایی و لێهاتوویی

١٣١. پەسندکراو لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە بە هاوفکری ئەندامان

- **ئەرک:**

١٣٢. لەئەستۆگرتنی کاری هونەری ڕێکخراوە وەک وێنە، تەڕراحی، فیلم و ... بە پێی داخوازی بەرپرسان و بە پێی بڕیاری سەرپەلی دەستەی گرافیک

١٣٣. گوزارشدان لە کۆبوونەوەی سەرهێڵی بەڕێوەبەر-سەرپەل لە لایەن سەرپەلی دەستەی گرافیکەوە (پێویستە سەرپەلی ئەم بەشە پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵ ئەندامانی ئەم بەشەدا ببێت)

### ٤) دەستەی توێژینەوەی گۆڤار:

- ✓ **مەرج:**

١٣٤. ئاشنابوون لەگەڵ چوارچێوەی گۆڤارگەلی زانستیی

١٣٥. پەسندکراو لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە بە هاوفکری ئەندامان

١٣٦. سەرپەلی ئەم بەشە لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە هەڵدەبژێردرێت

- **ئەرک:**

١٣٧. توێژینەوە لەسەر گۆڤارگەلی بروانامەکراوی بواری ڕۆژناگەریی زانستیی و پێشنیاری بەشگەلی سەرنجڕاکێش و باش بۆ چوارچێوەی گۆڤار

١٣٨. گوزارشدان لە کۆبوونەوەی سەرهێڵی بەڕێوەبەر-سەرپەل لە لایەن سەرپەلی دەستەی توێژینەوە (پێویستە سەرپەلی ئەم بەشە پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵ ئەندامانی ئەم بەشەدا ببێت)

### ٥) دەستەی نەرمەواڵە:

- ✓ **مەرج:**

١٣٩. توانایی و لێهاتوویی

١٤٠. پەسندکراو لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامان

- **ئەرک:**

١٤١. ڕاگەیشتن بە کاری ماڵپەڕی فەرمیی هۆژان (بەشی ناونووسی، وتووێژ، ئابوونە، وشەنامە، تاقیکاری و ....)

١٤٢. پێداچوونەوەی وتارگەل لە بواری نەرمامێری

١٤٣. دابین‌کردنی تەختەکلیلی ستانداردی کوردی

١٤٤. دابین‌کردنی فۆنتی کوردی

١٤٥. ئەنجامدانی پرۆژەی پەیوەندیدار بە زمانی کوردییەوە بە یارمەتی‌وەرگرتن لە ئەندامانی هۆژان

١٤٦. گوزارشدان لە کۆبوونەوەی سەرهێڵی بەڕێوەبەر-سەرپەل لە لایەن سەرپەلی دەستەی گرافیکەوە (پێویستە سەرپەلی ئەم بەشە پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ ئەندامانی ئەم بەشە ببێت)

## ٦) دەستەی هەڵەبژێریی زمانی:

✓ **مەرج:**

١٤٧. توانایی و لێهاتوویی زۆر باشی زمانی کوردی

١٤٨. پەسندکراو لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامان

١٤٩. سەرپەلی ئەم بەشە لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە هەڵدەبژێردرێت

- **ئەرک:**

١٥٠. پێداچوونەوەی وتارگەلی پێشکەشکراو

١٥١. نووسینی یاسا و ڕێسا لە بواری ڕێنووس و ڕێزمان

١٥٢. وەڵامدانەوەی وشەگەلی پرسراو لە کۆڕی زمانی زانستیی ستانداردی کوردی

١٥٣. گوزارشدان لە کۆبوونەوەی سەرهێڵی بەڕێوەبەر-سەرپەل لە لایەن سەرپەلی دەستەی هەڵەچنی و زمانەوانییەوە (پێویستە سەرپەلی ئەم بەشە پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵ ئەندامانی ئەم بەشەدا ببێت)

## ٧) دەستەی ڕۆژنامەگەریی زانستی:

✓ **مەرج:**

١٥٤. ئاشنابوون لەگەڵ چوارچێوەی گۆڤارگەلی زانستیی

١٥٥. پەسندکراو لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە بە هاوفکری ئەندامان

١٥٦. سەرپەلی ئەم بەشە لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە هەڵدەبژێردرێت

- **ئەرک:**

١٥٧. توێژینەوە لەسەر گۆڤارگەلی بڕواپێکراوی بواری ڕۆژنامەگەریی زانستیی و پێشنیاری بەشگەلی سەرنجڕاکێش و باش بۆ چوارچێوەی گۆڤار

١٥٨. کۆبوونەوەی لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی

١٥٩. کۆبوونەوەی سەرهێڵی ناوخۆیی

١٦٠. گوزارشدان لە کۆبوونەوەی سەرهێڵی بەڕێوەبەر-سەرپەل لە لایەن سەرپەلی دەستەی توێژینەوە (پێویستە سەرپەلی ئەم بەشە پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵ ئەندامانی ئەم بەشەدا ببێت)

## بەشی ٣: کەرت:

- هەر کەرتێ بەرپرسانی سەربەخۆی خۆی دەبێ کە لە چوارچێوەی کارەکانی پێوەندیدار بەو کەرتە سەربەخۆ کار دەکا و لەگەڵ دەستەگەلی هۆژان پێوەندی ڕاستەوخۆیان دەبێ.
- بە پێی پێشنیاری ئەندامان و بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەرایەتی، دەکرێ کەرتگەل و بەرپرسایەتیی نوێ لە ناو سیستمی هۆژاندا پێناسە بکردرێ.

## بەشی ١ : گۆڤار:

**پێکهاتە:**

***١)چاودێران:***

***٢) سەرنووسەران:***

***٣) نووسەران:***

***٤) هەڵەبژێریی زمانی و ڕێزمانی و ڕێنووسی:***

***٥) هەڵەبژێریی ڕێڕەونامە:***

***٦) چاودێری وشە:***

***٧)توێژینەوەی گۆڤار:***

***٨) گرافیک:***

***٩) بانگەشە:***

***١٠) مودیر مەسئول:***

***١١) چاپ و بڵاوکردنەوە:***




چارتی گۆڤاری زانستیی هۆژان

| | |
|---|---|
| Website: | Hojan.org |
| Email: | Govar.magazine@gmail.com |
| Mobile: | +989357624829 |
| SMS: | +9850002060388108 |

## بەشی ٢: پۆستێر:

نوێ دەبێتەوە…

## بەشی ٣: ڤیدۆی زانستی:

# پاری ٣: سەرچاوەی بڕیار

### ١) کۆبوونەوەی گشتی ساڵانە

١٦١. گۆڕانکاری لە ئەساسنامەی سەرەکی ڕێکخراوە

١٦٢. گۆڕانکاری لە ئاییننامەی ناوخۆیی

١٦٣. گۆڕانکاری بەڕێوەبەران و بەرپرسان

### ٢) کۆبوونەوەی گشتی ئیزتراری

١٦٤. گۆڕانکاری لە ئەساسنامەی سەرەکی ڕێکخراوە

١٦٥. گۆڕانکاری لە ئاییننامەی ناوخۆیی

١٦٦. گۆڕانکاری بەڕێوەبەران و بەرپرسان

### ٣) کۆبوونەوەی (سەرهێڵی) بەڕێوەبەران

١٦٧. کۆبوونەوەی ناوخۆیی بەڕێوەبەران کە لەسەر بابەتگەلی گشتی پێوەندیدار بە ڕێکخراوە بە شێوازی سەرهێڵ یان فیزیکی بەڕێوە ئەچێ و بۆ بابەتگەلی سەرەکی، سەرەکیترین سەرچاوەی بڕیاردانە.

١٦٨. گۆڕانکاری لە ئاییننامەی ناوخۆیی

١٦٩. گۆڕانکاری بەڕێوەبەران و بەرپرسان

١٧٠. بڕیار لەسەر بابەتە سەرەکییەکانی ڕێکخراوە

١٧١. دابەشکاریی ئەرکەکان و وتووێژ لەسەر کاروباری ڕێکخراوە

١٧٢. کۆبوونەوە لانیکەم مانگی جارێکی بەڕێوەبەران پێویستە

١٧٣. بوونی گشت بەڕێوەبەران لە ناو کۆبوونەوەدا پێویستە.

١٧٤. ئەگەر بەڕێوەبەرێ لە کۆبوونەوە بەشداری نەکرد، ئەوە جەریمەکەی بەپێی یاسا ناوخۆییەکان ئەنجام ئەبێ.

### ٤) کۆبوونەوەی (سەرهێڵی) بەرپرسان

١٧٥. کۆبوونەوەی ناوخۆیی بەرپرسان کە لەسەر بابەتگەلی ناوخۆیی ڕێکخراوە باس دەکرێ و بڕیار دەدرێ و بۆ بابەتگەلی ناوخۆیی سەرەکیترین سەرچاوەی بڕیارە.

١٧٦. گۆڕانکاری سەرپەلان و بەرپرسان

١٧٧. گۆڕانکاری لە ئاییننامەی ناوخۆیی

١٧٨.  بڕیار لەسەر بابەتە ناوخۆییەکانی ڕێکخراوە

١٧٩.  دابەشکاریی ئەرکەکان و وتووێژ لەسەر کاروباری ڕێکخراوە

١٨٠.  کۆبوونەوە لانیکەم مانگی جارێکی بەرپرسان پێویستە

١٨١.  بوونی گشت بەرپرسان لە ناو کۆبوونەوەدا پێویستە.

١٨٢.  ئەگەر لەبەر هۆکارێکی جیدی کەسێک لە بەرپرسان نەتوانێ بێ، ئەوە پێویستە کەسێکی تر بە جێی خۆی (ئاگا لە بارودۆخ) بۆ کۆبوونەوە بنێرێ (ئەو کەسە نابێ لە بەرپرسان بێ). ئەو کەسە لە بڕیارەکاندا، وەک بەرپرس بڕیاردەر ئەبێ و بڕیارەکان بێ ئەو بەرپرسە بەشداربووە ئەگیردرێ.

١٨٣.  ئەگەر بەرپرسێ لە کۆبوونەوە بەشداری نەکرد و کەسیش بە جێی ئەو نەهات ئەوە جەریمەکەی بەپێی یاسا ناوخۆییەکان ئەنجام ئەبێ.

### ٥) کۆبوونەوەی (سەرهێڵی) ناوخۆیی دەستەگەل

١٨٤.  هەر دەستەیەک دەبێ بە پێی پێویست لە سەر بابەتگەلی ناوخۆیی، کۆبوونەوەی بەردەوامیان بێ. بە هۆی گرینگی سەربەخۆ بوونی دەستەکان، بڕیارەکانی ناوخۆیی ئەم دەستەگەلە، ئەگەر کێشەی لەگەڵ مەبەستە سەرەکییەکانی هۆژان نەبێ، لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە پەسند ئەکردرێ.

١٨٥.  گۆڕانکاری لە ئایینامەی ناوخۆییی ئەو دەستە

١٨٦.  بڕیار لەسەر بابەتە ناوخۆییەکانی دەستە

١٨٧.  دابەشکاریی ئەرکەکان و وتووێژ لەسەر کاروباری دەستە

# پاری ٤: سیستەم و یاسای ناوخۆیی

## ١) دەست لە کار کێشانەوەی بەرپرس

١٨٨. بەرپرسێ کە خوازیاری دەست لە کارکێشانەوەیە، پێویستە نامەیەکی فەرمی بنووسێ بۆ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی و هۆکاری ڕوونی دەست لە کار کێشانەوەی بنووسێ.

١٨٩. بەرپرس پێویستە تا ئەو کات کەسێ جێگری خۆی بە سیستەم ئەناسێنێ و لەگەڵ کاروبارەکان ئاشنای دەکا، مافی دەست لە کار کێشانەوەی نییە.

١٩٠. بە پێی داخوازی هەر دوو لا، کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەرپرسی خوازیاری دەست لە کار کێشان و بەڕێوەبەران بەڕێوە دەچێ و لەوێ وردتر باس لە گیر و گرفتەکان دەکردرێ.

## ٢) پێناسەی دەستە یان بەرپرسایەتیی نوێ لە هۆژان

١٩١. بە پێی داخوازی هەرکام لە ئەندامان، ئەم باسە، ئەکرێ لە ناو کۆبوونەوەی بەرپرسان بە بەشداری ئەو کەسە باس بکردرێ و دەستە یان بەرپرسایەتییەکی تازە دابندرێ.

## ٣) یاساکانی بەڕێوەبردنی بنکەی فەرمیی هۆژان

بابەت:

**ئا) ئاوەڵابوونی دەفتەر**

١٩٨. کاتی چالاکی لە ناوەندی فەرمیی هۆژان و ئامادەبوونی بەرپرسی دەفتەر کاتژمێر ١٦ تا ٢٠ی هەر ڕۆژێک جگە لە ڕۆژانی هەینی.

١٩٩. ئامادەبوونی بەرپرسی دەفتەر یان جێگرەکەی پێویستە.

٢٠٠. بەدەر لە کاتی دیاریکراو دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسی دیاریکراو دەفتەر بکرێتەوە.

**ب) ئەرکەکانی بەرپرسی دەفتەر**

٢٠١. لە کاتی دیاریکراودا لە دەفتەردا بوونی هەبێ.

٢٠٢. وەڵامدانەوە و پێڕاگەیشتن بە کاروباری ئەو کەسانەی کە سەردانی دەفتەر دەکەن لە ئەستۆی بەرپرسی دەفتەرە.

٢٠٣. ڕێکخستن و ئاگاداری لەمەڕ گشت کۆبوونەوەکانی بەشە جیاجیاکانی ڕێکخراوە وەک دانانی کاتی کۆبوونەوەکان لە دەفتەردا لە ئەستۆی بەرپرسی دەفتەرە.

٢٠٤. هەڵگرتنی بەڵگەنامەکان و (صورت جلسات) لە ئەستۆی بەپرسی دەفتەرە.

**پ) ئەرکەکانی ئەندامانی هۆژان لە دەفتەردا:**

٢٠٥. هەموو ئەندامەکان دەبێت پێملی ڕێڕەونامەی ناوخۆیی ڕێکخراوە بن.

٢٠٦. لەبەرچاو گرتنی بەها ئیسلامی و ئاکارییەکان لەئەستۆی گشت ئەندامانە.

٢٠٧. بەکارهێنانی کەلوپەلەکانی ناو دەفتەر بۆ کاروباری تایبەتی بۆ هەموو ئەندامان قەدەغەیە.

٢٠٨. خاوێن ڕاگرتنی دەفتەر لە ئەستۆی هەموو ئەندامانە و لەبەرچاوگرتنی پێویستە.

ت) ئەم چالاکییانە لە دەفتەردا دەکرێن:

٢٠٩. بەڕێوەچوونی گشت کۆبوونەوەکانی دەستە جیاجیاکانی ڕێکخراوەی هۆژان.

٢١٠. بەڕێوەچوونی کەلاسەکانی خولی فێرکاریی زمانی کوردی، گرافیک، ...